تاڕادەیەک یاســاغیش کراون و ترســیان هەیە لەوەی کەبەئاشکرا دەرینەخەن.

بەهەرحاڵ من بەم کارەم کەرەنگە کەموکوڕی تێدابێ، هەوڵمداوە ئــەوەی راســتی بێــت لەســەر زاری رۆشــنبیر و کتێبەکانیــان و ســەرچاوەکانیان و کەسانی شــارەزاوە، کەڵک وەربگرم و بڵاوی بکەمەوە، بەڵام بەشێوەیەک کەنەمویستووە و بەگرنگیشم نەزانیوە کۆمێنت یان تێبینی خۆمیان لەســەر بدەم و بۆچوونی خۆم فەرز بکەم، بۆئەوەش کەتەنها ئەو ئاین و کەمینە نەتەوەییانەم وەرگرتووە کەتەنها لەکوردســتان هەن، مەبەســتم ئەوەبــووە کەچوارچێوەی کارەکەم تەنها سنووری کوردستان بێت و هیچی تر.

**سمكۆ محەمەد**

**٢٠١١/٦/١٢**

ئاینــی ئێزیــدی بەهۆکاری چەوســانەوەیان لەلایەن دەســەڵاتی ئاینەکانی تری وەک زەردەشتی و مەسیحی و ئیسلام و ئاشوری و کــورد بەئیماراتــی بابان و ســۆرانەوە کەلەســەر دەســتی ئەو ئایــن و نەتەوانــەوە چەندینجــار قەتڵ و عام کراون ئەرشــیف و دیکۆمینتەکانیان تاڕادەیەک بزر کراون، بۆیە ئەرشــیفەکەیان تاکو هاتن و ســەرهەڵدانی سەنتەری رۆشنبیری لالش و کۆکردنەوەی دیکۆمێنــت و پارچەکانیــان لەلایــەن چەند پیر و رۆشــنبیرێکیان کــە دەوڵەمەندیان کــردووە، هێندە هــەژارە، رەنگــە بتوانێ رێگە بەبۆچوونــە جیاوازەکان بــدات کەیان رۆژهەڵات ناســەکان، یان مێژوونوســانی بیانی و ناوەخۆ، بەهەڵە لەبارەیەوە قســە بکەن و لەسەری بنووسن، هەروەک چۆن هەندێ مێژوو نوسی عەرەب و

ئێزیدیاتی بەئاینەکانی دیکەوە گرێبدات».

لەبارەی یەزدی کوڕی موعاویەوە کەبۆچونێکی وەها هەیە گوایە پێشتر سەر بەئاینی ئیسلام بوونە ئێزیدیەکان و بەتایبەتیش شێخ ئـادی، پیر خدر دەڵێ» لەزەمانی عومەری کوڕی خەتاب موعاویە هـات و یەزیـد هـات، کـورد هەمیشــە خێرخوازبــووە، ئەوانیش بەشمشـێر هاتن، سـاڵی ٢٢٦ ئەم ناوچەیە میری میرگەیا ئازدیان ئێزدی بوونە، چونکە ئێمە بەری موسڵمانیەتی هەبووین و ناومان ئەزدائـی بووە، ئیدی ئەو بۆچوونــە جارێکی تر لەدژی ئێمە و بۆ سڕینەوەی ئێمە بووە، بۆیە راست نیە».

دامەزرێنـەری ئـەم ئاینــە بەپێی رۆژهەڵاتناسـەکان کەسـێکی دیاریکـراو نییــە، چونکــە ریشــەیەکی مێژوویـی قوڵـی هەیــە و نەنوسراوەتەوە، بەڵام وەکو خۆیان و شارەزایانی سەر بەئاینەکە دەڵێن « شـێخ ئادی کوڕی موسـافر دایمەزراندووە، نەسەبی ئەم زاتــە بۆ شـێخ مەروانی کوڕی حاکمـی چوارەمـی ئەمەوییەکان دەگەڕێتەوە، واتە ئادی کوڕی موسـافری کوڕی موسـای کوڕی مەڕوانـی کوڕی حەسـەنی کوڕی مـەروان، لەگونـدی (بیت فار) لەبەعلەبەکـی لوبنـان و لەسـاڵی ٥٠٧ ی کۆچـی لەدایک بووە و لەسـاڵی ٥٥٧ کۆچی کردووە، واتە سـاڵی ١١٦١ زاینی و لەلالشی سەر بەناوچەی شـێخان نێژراوە و مەزارەکەی تائێستاش لەوێیە و باوەڕدارەکانی سەردانی دەکەن.

## ■ چاوگی وشەی ئێزیدی

واتەی ســەرەکی ئێزیدی لەوشەی (ئێزی) یەوە هاتووە، بەمانای (خــودا) یان (خوداوەند) دێـت، هەروەها بۆچوونی تر هەیە کەئەو

وشـــەیە مانای دیکـــەی هەیە، « (ئـــی، زی، دی) بەمانـــای ماڵێکی پـــان و بەرین یـــان ماڵێکی پاک دێت، لەســـەرچاوەی دیکە هاتووە کەوشـــەکە بۆزمانی سۆمەری دەگەڕێتەوە و مانای ڕێگەی ڕاست دێت، ســـەرچاوەی دیکە هەیە ئێزیدی لەزمانی پەهلەوی ساسانیدا ســـەریهەڵداوە، ئەم پەرستگایە بۆیەکەم جار لەلایەن خوداوەندێک بەنـــاوی (نابـــۆ) کەلەشـــاری (بۆرســـیبا) بـــووە و دەکەوێتـــە لای خـــوارووی ڕوباری فورات و بەرامبەر بە شـــاری بابل دروســـت بووە»[1].

ئێزدیاتـــی ئاینێکی ئاســـمانی نیـــە و تێڕامانە لەدونیـــا و دوارۆژ، بەپێی قسەی پیر خدر کەپیاوێکی ڕۆشنبیر و ڕوحانی ئێزیدیەکانە، ئەوان قەول و بەیت و تێکســـتی شـــیعریان هەیە، کەلەسەر کێشی پەنجە نوســـراوەتەوە، ئەوەش لەبارەی مەســـحەف ڕەش و جیلوە نوسراوەتەوە و گوایە چەند پەڕێکە و بە تیپێکی نەناسراو لەلایەن پرۆفیسۆرئەنستانس ماری کرملی یەوە دیراسەی لەسەر کراوە و لەکتێبەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە، پیر خدر دەڵێ» ئەوەی کەدراوەتە پاڵ مەســـحەف ڕەش و شـــێخ ئادی، لەدژایەتی کردنی ئێزیدی و گەندەڵی ڕۆشنبیری بەولاوە هیچی تر نیە، چونکە ماقوڵ نیە شیخ ئادی یان شێخ شێخ حەسەن، شەش مانگ بچنە خەڵوەتەوە و ئەو چەند لاپەڕە بێسەرو بەرە بنوسن کەبەناو ڕۆژهەڵاتناس و هەندێک لەڕۆشنبیرە کوردەکان نوسیویانە و بیانووشی بۆدەهێننەوە».

ئێزیدی لەزۆربەی چاوگە مێژووییەکان، لەوانەش شەرەف خانی بەدلیســـی باســـی کـــردووە و دەڵێ» حەوت خێڵی کـــورد هەن کە زۆربەیـــان ئێزیدیـــن، ئەمانە بڕوایان بەو هێڵە هەیە کەشـــێخ ئادی

رەشە بایە دێت کەلەئاینی ئێزیدیا بەکارهاتووە و پیرۆزە، جیلوەش بەمانــای پەیدابوون دێت، یان بەمانــی پەیدابوونی تاوس مەلائیکە دێــت، پیر خدر کەیەکێکە لەرۆشــنبیر و پیرێکــی ئاینی ئێزیدیە و دەڵێ «ئێمــە بیســتمان دوو کتێبــی ئاینی ئیزیدیاتــی هەیە بەناوی جیلوە و مەسحەفا رەش، ئەو دوو کتێبە بەئەلف و بایەکی تایبەت و بەکوردیەکی سۆرانی و عەرەبیەکی تێکشکاو نوسراوەتەوە، ئەوەش نوســخەی ئەســڵی نیە، ئەوانەی دەڵێن کەلەندەن هەیە یان ئەوەی دەڵێ لای من هەیە نوســخەی ئەســڵی، هیچیان راست نین، ئەگەر ئەو نوســخەیەش بێت ئەوە تێکشــکێنراوە لەئەنجامی ئەو هەموو کارەســات و سەرکوت کردنەی ئێزیدیەکان کەلەلایەن مەسیحی و زەردەشــتی و موسڵمانەوە زوڵمیان لێکراوە» «پارچە نوسراوێک هەیــە لەمەســحەفا رەش دەڵێ ( لەســەردەمی لافاوەکەوە هەتاکو ئێســتا حەوت هەزار ســاڵی خایاند، لەماوەی هەر هەزار ســاڵێکدا یــەک لەخواوەنــدەکان هاتۆتە خــوارەوە بۆ ســەر زەوی، ئەوەی کەکتێبەکانی ئاسمانی بۆ ئێمە نوسیوە و یاسایەکان و دەستووری یاسایی بۆ ئێمە داناوە، لەپاشان چۆتەوە بۆ سەرەوە»[٥].

بــەلام لەبــارەی ئــەوەی کەمەســحەفا رەش دەقێکی ئاســمانیە یان نوســراوەتەوە و لەکتێبێکی تــرەوە وەرگیراوە پیر خدر دەڵێ «ئێزدیاتــی یەکێکە لەبیروباوەڕە کۆنەکانی کــوردەواری، بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ، قۆناغی یەکەم بەر لەمەســیحیەت بووە، واتە حورمەت گرتن بووە لەدیاردەکانی سروشــت، چونکە ئێزدیاتی بۆ هەر دیاردەیەک خوداوەندێکیان ناســیوە، بۆ رۆژ خودیایەک و بۆ مانــگ خودایــەک و بۆ مردن و با و ئاو خودایەک، قۆناغی دووەم

قۆناغی ناسـینی خودا بووە، قۆناغی سـێهەم قۆناغی شپرزەیی و زولْـم و زۆرداری بووە، کەزەردەشـت هاتـووە زولْمی کردووە، مەسـیحیەت لەسـەدەی دووەمی زاینی هاتوون هێرشیان کردۆتە سـەر لالش و کردویانە بەکەنیسـە، ئیسلام لەساڵی بیستی کۆچی عومەری کوڕی فەرقەد یەکێک بووە لەسەر لەشکرەکانی جەیشی عەیـازی کـوڕی غەنـەم، هاتـە موسـڵ و ئەودیوی ئـاوی دجلە لەشەڕێکدا کردیە دوو بەشەوە، دواتر هاتۆتە باعەدرا کەپایتەختی ئێزیدیان بووە و داگیری کردووە، ئیدی ئەوەی بووە موسـڵمان و ئەوانـی تر هەڵاتن و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشـت». قۆناغێکی تر هەیە کەهاتنی شـێخ ئادی کوڕی موسـافیر لەشـامەوە هاتۆتە هەکاری، هاتە لالش و لەکریسـتیانی سەند و وەکو دەروێشێک و ریفۆرمـی لەئاینـی ئێزیدی کردووە، ئـەوکات دوو چینی هەبووە، چینـی گشـتی کەمورید و چینی پیر، چینێکـی تر جیابووە و بووە بەسێ چین و شیخیش پەیدا بوو.

شـێخ حەسەن کوڕی شـێخ ئادی بوو، شەش ساڵ واتە لەساڵی ٦٤٤ چۆتە خەڵوەوە، کتێبێکی نوسـی بەنـاوی «جەلوە بۆ ئەهلی خەلـوە»، ئەحمـەد تیمۆر لەخێزانـی تیمۆریەکانە، ئـەو دەڵێ ئەو شێخ حەسەنە چەندین ساڵ لەخەڵوەتدا بووە و بەشێوەیە خودای ناسیوە، ناکرێ بەو قسەیە بڕوابکەین کەشێخ شەش ساڵ لەخەڵوە بـووە چەند لاپەڕەیەکی پروپوچ بنووسـێ، ئەگەر بنوسـێ بۆچی بەکرمانجی خۆیان نانوسـێت و بەسۆرانیەکی تێکشکاو دەینوسێ، ئەم حاڵەتە هەبووە گیو موکریانی و ئەنوەر مائی چەند بەیتێکیان نوسـیوە گوایە ئەمە نوسـخەیەکی کۆنی دەسنووسی شێخ ئادیە،

## ■ سەرچاوەکان

١. مردۆخ و ایساگیلا و نابو و ایزید، نوسینی مخلص ئیزیدی. گۆڤاری لالش ژمارە ١٧
٢. شەرەفخانی بەدلیسی بەرگی یەکەم، ل٨٢
٣. کتێبــی ئێزیدیــەکان جیلوە و مەســحەفا رەش، بیبلۆ گرافیــای ئێزیدیاتی، ئەنستانس ماری کرملی، نەجاتی عەبدوللە، ل١٥ تا ل٢٠.
٤. جــۆن، س، کیتس. الحیاه بین الکرد. تاریخ الایزیدیین. ترجمە. عماد جەمیل مزوری. ل٨١ و ٨٢.
٥. پاشــماوەی ئاینی میترایی لەهاترا، تۆفیــق وەهبی، وەرگێرانی بۆ کوردی، شێخ بورهان بەرزنجی، ل٦٠-
٦. کتێبــی ئێزیدیەکان، جیلــوە و مەســحەفا رەش و بیبلۆگرافیای ئێزیدیاتی، نوســینی ئەنســتانی ماری کەرملــی، وەرگێرانی، نەجاتــی عەبدوللە، ل ٨٩ تا ل٩٦ .
٧. ئەنستانس ماری کرملی، جیلوە و مەسحەفا رەش و بیبلۆگرافیای ئێزیدیاتی، وەرگێرانی، نەجاتی عەبدوللا، ل٢١ و ٢٢
٨. تەمۆیێ ساموا، و سترانا میر محەمەد و زەریف خاتوون، نوسینی خەیری شەنگالی. گۆڤاری لالش ژمارە ١٧.
٩. پەرن ژئەدەبی دینی ئێزیدیان . د. خەلیل جندۆ رەشۆ. بەرگێ ئێک، ل٦٥.

سابیئە یان سابیئەی مەندائی، کەمینە ئاینێکە لەعێراق و پێغەمبەر یەحیا زەکریا کەخاوەنی دەقی (کەنز رەبا) یە و لەسەرەتای سەدەی هەشتەمی زاینی بووە، واتە ساڵی ٦٨ م. یەکێکن لەو ئاینە کۆنانەی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونیان هەیە، هیچ زانیارییەکی دروست بۆ لەدایکبوونی ئەم پێغەمبەرە لەبەردەستدا نییە، «تەنها ئەوە نەبێ کەلێرەو لەوێ دەنگۆی ئەوەهەیە کەلەقودسی فەلەستین و لەکاهینێکی یەهودی لەدایک بووە»[1] هەروەها ناوی ئەم پێغەمبەرە لەهەریەک لەتەورات و قورئانی ئیسلام هاتووە، ئەوان بڕوایان بەیەکتاپەرستی هەیە و وەکو هەر کەمینە ئاینێکی دیکە، هەروەها بڕوان بەدوارۆژێک هەیە کەمرۆڤ لەرێگەیەوە پادشت و سزا وەردەگرێ، ئەوانەی کەباشە دەکەن لەم دونیا،

ئایتــەکان و وتــە و مانا تایبەتــەکان بدات، هەر ئــەم پلە رۆحانیە بەرپرسە لەتەواوی سروتەکانی مەندائی.

تەرمیزا: ئەم پلەیە بۆ پیاوێکی ئاینیە بۆی هەیە مەراسیم دیاری بکات، هەر ئەویشــە دەتوانێ منالّەکان فێر بکات چۆن بەپێی کەنز رەبـا و پرنســیپەکانی ســابیئەی مەندائی خودا پەرســتی بکەن و رێبازەکە بەرنەدەن.

شــکەندا: پلەیەکە پێی دەڵێن یاریدەدەری ئاینــی کەپیاوانی ئاین فێــرە ئەدائی ســروتیان دەکات و بەبێ ئەو هیچ ســروتێکی ئاینی ناکرێ. هەروەها دەبێ بەکۆمەڵێک ســروتا بچێت و لەلایەن چەند پیاوێکــی ئاینیەوە هەڵبژێردرێ و ماوەی هەفتەیەک لەســروتەکان بــەردەوام بێــت. جلی ســپی لەبەر بکات و بۆ مــاوەی ٦٠ رۆژ لە تەنهایی واتە لە عوزلەدا (خەڵوەت) بژی و دەبێ دارێک بەدەستەوە بگــرێ و جلەکــەی لەحەریر بێت. نابێت لەگــەڵ خەڵک نان بخوات و تەمەنی لە ٢١ ســاڵ بەرەو ژوور بێت و دەرچووی قوتابخانەی ئاینــی ســابیئەی مەندائی بێــت، نابێ هیچ نەخۆشــیەکی هەبێت و جەســتەی نەکەموکورِی تێدا بێت و نەئەندامێک لەلەشی زیاد بێت، دەبێ رۆشــنبیریەکی گشتی هەبێت و رۆشنبیریەکی باشی هەبێت لەئاین و کولتووری سابیئەی مەندائی.

### ■ ئاو

ئــاو ئەو کەرەســتەیەیە کە ســابیئەکان بەگرنگــی دەزانن، نەک لەبــەر ئەوەی بەبێ ئاو ناکرێ ئینســان بژی واتــە بۆ خواردنەوە و خــواردن و هتد بەکار دێــت، بەڵکو گرنگیەکەی ئەوەیە کەئەوان بەسەرچاوەی خۆشوشتن و پاکبوونەوەی دادەنێن، واتە (التعمید)

ئەم قەولەی کەلە حیکایەت و ئەفسـانەکانی سابیئەی مەندائیەوە هاتووە، جگەلەوەی کەهاوچەشنی هەمان ئەفسانەیە کەلەئاینەکانی دیکـەدا هەیە، بەڵام لەلای ئەوان ژن بەرچاووتر دەبینرێت و پلەی ئاینیشـیان هەیە و لەمەنداکانیان بەرپرسیارێتیان هەیە و دەتوانن لەبارەی مێژوو و پرنسیپەکانیان قسەبکەن و ڕێورەسمە ئاینیەکان بەڕێوەبـەرن و پلەی ئانیشـیان هەیە و لەلایەن شـێخی گەورەوە وەریدەگرێ، بیلام ئەم حاڵەتە بۆ هەموو ژنێکی سابیئە نەهاتووە، بەڵکـو بۆئەوانەیـە کەژیانیان تایبـەت کردووە بـۆ خزمەتکردنی ئاینەکەیـان و لەمەنداکان کاردەکەن، سـەلمێنەرێکی دیکە ئەوەیە کەوەختێک سروتەکانیان بەڕێوەدەبەن، ئەوەیە کەلەکاتی مەراسیمی (غگس) واتە خۆشوشتن لەرووبارەکاندا بەجلێکی سپی نەدیمانەوە بەشـداری دەکەن لەگـەڵ پیاواندا و هیچ بەکـەم خۆیان نابینن و پیاوانیش بەو چاوەوە تەماشایان ناکەن.

نمونەیەکی دیکە ئەوەیە کەتەڵاق لەلای سـابیئە نییە و فرەژنیش قەدەغەکراوە، یەکسانیەکەش لەتەسبیحی چوارەمی (کەنز رەبا) وە هاتووە کەتایبەتە بەخۆبەدوور گرتن لەخراپە و ئەخلاقی خراپ و دەڵـێ» پیاوان دەبێ خۆیان بەدوور بگرن لەو ژنانە و ژنانیش بۆ ئـەو پیاوانە، ئەگەر ئەمە نەکەن دەچنە نێـو تاریکییەوە». کەئەمە دەلیلی بەیەکسانی تەماشاکردنی ژن و پیاوە.

## ■ سەرچاوەکان

١. لمحات عن اديان العالم. ترجمە: صادق عبد علی الرکابی. ل٣٦٦.
٢. الاديان و المذاهب بالعراق. رشيد الخيون. ل ٢٨
٣. الاديان و المذاهب بالعراق. رشيد الخيون. ل ٣٥
٤. ئەليدی دراور، اساطير و حکيات شعبيی صابيئة، ترجمة، نعيم بدوی و غظبان رومی ل ١٣ و ١٤
٥. الاديان و المذاهب بالعراق. رشيد الخيون. ل ٢٤

پێی دەگوترێت (دەڵێی قەرەجی)، هیچ جۆرە پشــتگیرییەک ناکرێن لەلایەن حکومەتەوە، تەنانەت لەســاڵی ٢٠١٠ لەفەرانســە خەریک بوو بەیاســا کیمپەکانیان شــوێنی ژیانیان لێتێکبدرێ، بەڵام دواتر لەژێر گوشاری نێودەوڵەتی حاڵیان وەکو پێشووتر مایەوە.

### ■ ڕێژەی قەرەج لەتەواوی دونیا

قــەرەج لەتەواوی دونیا بوونیان هەیە، ئیــدی بەپێی ڕێژەکانیان کەمــو زیادیان هەیە، بەڵام بەحوکمی ئــەوەی کەکەمتر لەهاوڵاتی ئاســایی ئەو وڵاتانە و بەپێی ئەو ڕێسایەی کەخۆیان بۆ خۆیانیان داناوە و بووەتە بۆماوە، هەمیشــە دوچاری کێشە دەبنەوە، ئەوان دەتوانــن داوای قەوارەیەکــی ســەربەخۆ بکەن، بــەڵام بەحوکمی ئــەوەی بڕوایــان بەســنوور و جوگرافیــای تایبەتی نیە، تائێســتا نەبوون بەدەوڵەت یان وڵاتێکی سەربەخۆ.

١: ئەلبانیا ٧٠٠٠٠ کەس هەن

٢: ئەرژەنتین ٣٠٠٠٠٠ هەزار کەس هەن

٤: بۆسنیە ١٧٠٠٠ هەزار کەس هەن

٥: بەرزیل ٦٧٨٠٠٠ کەس

٦: بولگاریا ٣١٣٠٠٠ کەس

٧: هیرڤانستان ١٤٠٠٠ کەس

٨: چیک ١٢٠٠٠ کەس

٩: فەراسنە ٣٠٠٠٠٠ کەس

١٠: فێللەندە ١٠٠٠٠ کەس

١١: ئاڵمان ١٠٠٠٠٠ کەس

١٢: یۆنان ٢٠٠٠٠٠ کەس

**چاپکراوەکانی نووسەر:**

١. تونێلەکانی ئەوین، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٠٠

٢. هەناسەیەک لە سێبەرەدا، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٠٣

٣. جەنگ و نێوانەکان، لێکۆڵینەوەیەک لە سیستەمی سیاسی و ڕۆشنبیری. ساڵی ٢٠٠٦

٤. میتۆد و جیاوازی، لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی فکری مارکس، ساڵی ٢٠٠٩

٥. ناسیۆنالیزم و دژەکانی، کتێبێک لەبارەی ناسیۆنالیزمەوە، ساڵی ٢٠٠٩

